# الموقف البريطاني من القرارات الدولية تجاه العراق ١٩٩١ - ٢٠٠٠

**أ.م.د . مصطفى محمد كريم**
قسم التارخ –كلية الاداب- جامعة صلاح الدين / أربيل
mustafa.karem@su.edu.krd

**روژان محمد فتاح**
طالبة دراسات عليا (ماجستير) – قسم التاريخ – كلية الآداب- جامعة صلاح الدين / أربيل
rozhan.fattah@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: بريطانيا، مجلس الأمن، العراق، ترسيم الحدود، العقوبات الاقتصادية.

**كيفية اقتباس البحث**

كريم , مصطفى محمد , روژان محمد فتاح, الموقف البريطاني من القرارات الدولية تجاه العراق ١٩٩١ – ٢٠٠٠,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# The British Position on International Resolutions Concerning Iraq (1991–2000)

**Asst. Prof. Dr. Mustafa Muhammad karem**
Salahaddin University - Erbil / College of Arts - Department / History
Mustafa.karem@su.edu.krd

**Rozhan Muhammed Fattah**
Master's Student- Salahaddin University - Erbil / College of Arts - Department / History
rozhan.fattah@su.edu.krd

**Keywords** : Britain, Security Council, Iraq, Border Demarcation, Economic Sanctions.

**How To Cite This Article**
Karem , Mustafa Muhammad , Rozhan Muhammed Fattah ,The British Position on International Resolutions Concerning Iraq(1991–2000) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

This study examines and analyzes the political and legal positions of the United Kingdom (Britain) regarding a series of pivotal United Nations Security Council resolutions concerning Iraq between 1991 and 2000. The research highlights the British role through two fundamental pillars: first, the international border demarcation process between Iraq and Kuwait in light of Resolutions 687 and 833, where Britain emerged as a primary historical and technical source. Second, the British stance on economic sanctions and the formulation of the "Oil-for-Food" program

(Resolution 986), which was utilized as a leverage tool to compel the Iraqi regime's compliance.
The methodology of the study relies on historical and descriptive-analytical approaches to evaluate official Security Council documents and the UK Parliamentary archives. The study concludes that Britain played a decisive role in imposing a border map that weakened Iraq geopolitically and economically. Furthermore, Britain was a staunch advocate for the continuation of sanctions to prevent the resurgence of Iraqi military capabilities. Despite the humanitarian crises, Britain maintained a balance between humanitarian needs and its strategic objectives, which ultimately led to the partial erosion of Iraqi state sovereignty during that period. To arrive at the conclusions, the historical method is relied upon to track events and the analytical-descriptive method is used to evaluate the text of decisions, and the research plan is divided into two main themes; The first topic is about drawing borders and the second topic is about sanctions and the oil-for-food program.

**ملخص:**

تتناول هذه الدراسة بالبحث والتحليل المواقف السياسية والقانونية للمملكة المتحدة (بريطانيا) تجاه سلسلة من القرارات المصيرية الصادرة عن مجلس الأمن التابع للأمم المتحدة بشأن العراق خلال الفترة ما بين عامي ١٩٩١ و٢٠٠٠. تسعى الدراسة إلى تسليط الضوء على الدور البريطاني من خلال محورين جوهريين: الأول، عملية ترسيم الحدود الدولية بين العراق والكويت في ضوء القرارين (٦٨٧ و٨٣٣)، حيث برزت بريطانيا كمصدر تاريخي وفني أساسي في هذا الملف. والثاني، الموقف البريطاني تجاه العقوبات الاقتصادية وصياغة برنامج "النفط مقابل الغذاء" (القرار ٩٨٦)، والذي استُخدم كأداة ضغط لإخضاع النظام العراقي.
اعتمدت منهجية الدراسة على المنهجين التاريخي والتحليلي الوصفي لتقييم الوثائق الرسمية لمجلس الأمن وأرشيف البرلمان البريطاني. وتوصلت الدراسة إلى أن بريطانيا لعبت دوراً حاسماً في فرض خارطة حدودية أدت إلى إضعاف العراق من الناحيتين الجيوسياسية والاقتصادية، كما كانت مدافعاً شرساً عن استمرار العقوبات بهدف منع إعادة إحياء القدرات العسكرية العراقية. ورغم الأزمات الإنسانية، حافظت بريطانيا على توازن بين الاحتياجات الإنسانية وأهدافها الاستراتيجية، مما أدى في نهاية المطاف إلى تقويض جزئي لسيادة الدولة العراقية خلال تلك المرحلة. للوصول إلى الاستنتاجات، يتم الاعتماد على المنهج التاريخي لتتبع الأحداث ويتم استخدام المنهج التحليلي الوصفي لتقييم نص القرارات، وتنقسم خطة البحث إلى موضوعين رئيسيين؛ الموضوع الأول يتعلق برسم الحدود والموضوع الثاني يتعلق بالعقوبات وبرنامج النفط مقابل الغذاء.

# هەڵوێستی بەریتانیا لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان بەرانبەر عێراق ١٩٩١ - ٢٠٠٠

**پ.ی.د. مصطفى محمد كريم**
بەشی مێژوو - کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر
mustafa.karem@su.edu.krd

**ڕۆژان محمد فتاح**
قوتابی ماستەر/ بەشی مێژوو/ مێژووی نوێ و هاوچەرخ – کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
**rozhan.fattah@su.edu.krd**

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە پشکنین و شیکردنەوە بۆ هەڵوێستە سیاسی و یاساییەکانی شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) دەکات بەرانبەر کۆمەڵێک بڕیاری چارەنووسسازی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩١ بۆ ٢٠٠٠. توێژینەوەکە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر ڕۆڵی بەریتانیا لە دوو تەوەری جەوهەریدا: یەکەمیان، پرۆسەی کێشانەوەی سنوورە نێودەوڵەتییەکانی نێوان عێراق و کوەیت لە ژێر ڕۆشنایی بڕیارەکانی (٦٨٧ و ٨٣٣)، کە تێیدا بەریتانیا وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی و تەکنیکی سەرەکی دەرکەوت. دووەمیان، هەڵوێستی بەریتانیا بەرانبەر سزای ئابووری و دارشتنی بەرنامەی "نەوت بەرانبەر بە خۆراک" (بڕیاری ٩٨٦)، کە وەک ئامرازێکی فشار بۆ ملکەچکردنی ڕژێمی عێراق بەکارهێنرا.

میتۆدی توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی مێژوویی و شیکاریی وەصفی بەستووە بۆ هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامە فەرمییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و ئەرشیفی پەرلەمانی بەریتانیا. توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە بەریتانیا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبووە لە سەپاندنی نەخشەیەکی سنووری کە عێراقی لە ڕووی جیۆپۆلیتیکی و ئابوورییەوە لاواز کرد، هەروەها داکۆکیکارێکی سەرسەختی بەردەوامیی سزاکان بووە بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دووبارە بوژانەوەی توانای سەربازیی عێراق، سەرەڕای قەیرانە مرۆییەکان، بەریتانیا هاوسەنگییەکی لە نێوان پێداویستییە مرۆییەکان و ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی پاراست، کە دواجار بووە هۆی نیمچە پەکخستنی سەروەریی دەوڵەتی عێراق لەو قۆناغەدا.

**کلیلە وشە**: بەریتانیا، ئەنجومەنی ئاسایش، عێراق، کێشانەوەی سنوور، سزای ئابووری.

## پێشەکی:

پەیوەندییەکانی نێوان بەریتانیا و عێراق لە دوای ساڵی ١٩٩٠وە چوونە قۆناغێکی نوێ و ئاڵۆزەوە، کە تێیدا لەندەن وەک یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ئەنجومەنی ئاسایش ڕۆڵی گێڕا؛ لێرەوە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت کە تیشک دەخاتە سەر هەڵوێستە ستراتیژی و یاساییەکانی بەریتانیا بەرانبەر عێراق لە ژێر سایەی بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا، بەتایبەت لە دوو پرسی چارەنووسسازدا کە ئەوانیش کێشانەوەی سنوورەکان و پرۆسەی سزای



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

ئابووری (نەوت بەرانبەر بە خۆراک)ن، گرفتی سەرەکیی توێژینەوەکە تەنیا لە ڕەهەندە مێژووییەکەیدا نییە، بەڵکو توێژەر لە کاتی کارکردندا ڕووبەڕووی ئاستەنگی زانستی جۆراوجۆر بووەتەوە، لەوانە زەحمەتییەکی زۆر لە وەرگێڕانی دەقە یاسایی و دیپلۆماسییە ئاڵۆزەکان لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ کوردی بە شێوەیەک کە مانا بنەڕەتییەکەی ون نەکات، لەگەڵ گرفتی دەستنەکەوتنی سەرچاوە مێژوویە تایبەتەکان بە زمانی کوردی کە وای کردووە توێژینەوەکە قورساییەکی زۆر بخاتە سەر شانمان بۆ گەڕان لە ناو بەڵگەنامە بیانییەکاندا، پرسیاری جەوهەری لێرەدا ئەوەیە کە ئایا هەڵوێستی بەریتانیا لە ناو ئەنجومەنی ئاسایش تا چەند هاوسەنگ بوو لە نێوان پاراستنی یاسای نێودەوڵەتی و بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی، ئایا ئەم هەڵوێستانە بوونە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکان یان قووڵکردنەوەی قەیرانە مرۆییەکان؟

بۆ بەدەستهێنانی وەڵامێکی زانستی ورد، ئەم توێژینەوەیە بە پلەی یەکەم پشتی بە دوو جۆر سەرچاوەی بنەڕەتی بەستووە؛ یەکەمیان بڕیارە فەرمییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە وەک سەرچاوەی یەکەمین، کە چوارچێوەی یاسایی ململانێکان و پابەندییەکانی عێراق تێدا ڕوون کراوەتەوە، دووەمیان، بەڵگەنامە و ئەرشیفی پەرلەمانی بەریتانیایە (Hansard) کە وەک کلیلی تێگەیشتن لە هەڵوێستی فەرمیی دەوڵەتی بەریتانیا و لێدوانی بڕیارە سیاسییەکان بەکارهێنراون، لەم چوارچێوەیەدا، توێژینەوەکە لەسەر ئەو گریمانەیە کار دەکات کە بەریتانیا لە ڕێگەی بەکارهێنانی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و پسپۆڕییە تەکنیکی و مێژووییەکانی خۆی، هەوڵی داوە گەمارۆیەکی سیاسی و ئابووری توند بخاتە سەر عێراق بۆ لاوازکردنی ڕژێم، ئەمەش لە ژێر پەردەی پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤدا. ئامانجی سەرەکی ئەم هەوڵە شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان و ڕوونکردنەوەی لێکەوتە ئابووری و مرۆییەکانی سزاکانە لەسەر کۆمەڵگەی عێراقی. سنووری توێژینەوەکە لە ڕووی بابەتەوە تەنیا لەسەر هەڵوێستی بەریتانیا بەرانبەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش چڕ دەبێتەوە و لە ڕووی کاتیشەوە قۆناغی نێوان ساڵانی ١٩٩١ تاکۆتایی ٢٠٠٠ دەگرێتەوە. بۆگەیشتن بە ئەنجامەکان، پشت بە میتۆدی مێژوویی بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکان و میتۆدی شیکاری-وەسفی بۆ هەڵسەنگاندنی دەقی بڕیارەکان بەستراوە، پلانی توێژینەوەکەش بەسەر دوو تەوەری سەرەکیدا دابەش کراوە؛ تەوەری یەکەم تایبەتە بە کێشانەوەی سنوورەکان و تەوەری دووەمیش باس لە پرسی سزاکان و بەرنامەی نەوت بەرانبەر بە خۆراک دەکات.

### ١ . هەڵوێستی بەرانبەر کێشانەوەی سنووری عێراق-کوەیت لە ژێر ڕۆشنایی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشدا

کێشەی سنووری نێوان کوەیت و عێراق یەکێک بوو لە گرنگترین ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو وڵات دوای ئازادکردنی کوەیت لە شوباتی ١٩٩١، عێراق ناچار بوو بێمەرج بڕیاری ٦٨٧ی ئەنجومەنی ئاسایش قبوڵ بکات(المرزوق، ٢٠١٨: ١٦٠) ئەم بڕیارە کە لە ٣ی نیسانی ١٩٩١ بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە (١٢ دەنگ) پەسەند کرا، چواردەهەمین بڕیار بوو دژی داگیرکارییەکەی عێراق بڕیارەکە لەلایەن (بەریتانیا، ئەمریکا، بەلجیکا، فەرەنسا، ڕۆمانیا و زەئیرەوە(کۆماری دیموکراتی کۆنگۆی ئێستا) پێشکەشکرا (Ghali, 1996: 30).

بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش مەرجی کۆتاییهێنان بە کێشەی سنووری کردە بنەمای ئاگربەست و داوای لە هەردوولا کرد ڕێز لە سنوورە نێودەوڵەتییەکان بگرن، هەروەها بڕیاریدا کە سنوور و دوورگەکان بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە دیاری بکرێن کە لە ٤ تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ (گێڕانەوەی پەیوەندییە دۆستانەکان و دانپێدانان و بابەتە پەیوەندیدارەکان)[1] لەنێوان هەردوو

وڵات واژۆ کراوە و بەپێی مادەی ١٠٢ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار کراوە( United Nations Security Council, Resolution 687, S/RES/687, 3 April 1991) ئەم ڕێکەوتنەش لای خۆیەوە پشت بە نامەگۆڕینەوەکانی ساڵی ١٩٣٢ دەبەستێت کە ئەوانیش بنەمایان ڕێکەوتننامەی ئەنگلۆ-عوسمانی ساڵی ١٩١٣، ئەمە بێجگە لەوەی لیژنەکە سوودی لە هەندێک ڕوونکردنەوەی پەیوەندیدار بەو ڕێکەوتنانە وەرگرتووە، بۆ نموونە: بەکارهێنانی وێنەی ئاسمانی ساڵی ١٩٤٠ کە شوێنی باڵەخانەی کۆنی گومرگی لە (سەفوان) نیشان دەدات، هەروەها پشتبەستن بەو ڕووپێوییەی کە هێڵەکانی پانی و درێژی دیاری کردووە و لەلایەن وەزارەتی هندستانی بریتانی لە ساڵی ١٩٤٢ ئەنجامدراوە، جگە لە دار خورمایەک کە وەک نیشانەیەکی سنووری هەژمار دەکرا (الكعبي، ٢٠٢٢: ٩١).

لەلایەکی دیکەوە بڕیارەکە داوای لە ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە هاوکار بێت لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لەگەڵ عێراق و کوەیت بۆ نەخشەکێشانی سنووری نێوانیان، بە سوودوەرگرتن لە ئامرازە پێویستەکان لەوانەش ئەو نەخشەیەی کە لە بەڵگەنامەی ئەنجوومەنی ئاسایش ژمارە S/22412 دا هاتووە (المؤمن، ٢٠٢٥: ٢١٦).

ئەو نەخشەیەی کە لەم بڕیارەدا ئاماژەی پێکرابوو، حکومەتی بەریتانیا لە ٢٨ی ئاداری ١٩٩١ ڕادەستی ئەمینداری گشتیی کردبوو، دواتر نوێنەری کوەیت لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕوونی کردەوە کە ئەم نەخشەیە ئاماژە بە سنوورە وشکانی و دەریاییەکانی نێوان عێراق و کوەیت دەکات و حکومەتەکەی دان بەوەدا دەنێت چونکە بنەمای واژۆکردنی ڕێکەوتنامەکەی بەرواری (٤تشرینی یەکەمی ١٩٦٣) بووە(٢)، لە کاتێکدا واقیع ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە تەنها کۆمەڵێک نەخشەی تۆپۆگرافیی کوەیتن، کە بەڕێوەبەری گشتیی ڕووپێوی سەربازی لە وەزارەتی بەڕیتانیا لە ساڵی ١٩٨٨ بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گونجاو ئامادەی کردوون و لە ساڵی ١٩٩٠دا پێداچوونەوەیان بۆ کراوە (المؤمن، ٢٠٢٥: ٢١٧).

لە ٢ی ئایاری ١٩٩١، خافێر پێرێز دی کوێار (١٩٨٢-٣١ کانونی یەکەمی١٩٩١) ( Javier Perez de Caellar) ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لیژنەی دیاریکردنی سنوورەکانی عێراق-کوەیت و داڕشتنی سنوورە دەریاییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی پێکهێنا (عبدالله، ٢٠٢٥: ١٦٥) کە لە سێ پسپۆڕ و نوێنەرانی وڵاتانی پەیوەندیدار پێکهاتبوو ئەندامانی لیژنەکە لە سێ وڵات هەڵبژێردران، کە بریتین لە (ئەندۆنیزیا، سوید و نیوزلەندا)؛ ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەم وڵاتانە لە نەریتە نێودەوڵەتییەکاندا وەک ئەو وڵاتانە دادەنرێن کە پابەندی بێلایەنی سیاسیین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەم پێیە ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم هەڵبژاردنە ئەوە بوو کە سیفەتێکی بابەتیانە بە لیژنەکە ببەخشێت و سەربەخۆ بێت لە هەر پاشکۆیەتییەکی سیاسی بۆ هەر لایەنێک، یان سەپاندنی سنوورە نێودەوڵەتییەکان بەسەر هەردوو لایەنی ناکۆکدا بەپێی بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێزەکان (العصيمي، ٢٠١٢: ١٠٦-١٠٧).

دوای ئەوەی لیژنەکە کۆتایی هێنا بە کارەکانی تایبەت بە دیاریکردنی سنوورە وشکانییەکان، ڕاپۆرتێکی بۆ ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش بەرز کردەوە، لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجومەنی ئاسایش لە کۆبوونەوەی ژمارە ٣١٠٨ی خۆیدا کە لە ٢٦ی ئابی ١٩٩٢ سازکرا، بڕیاری ژمارە ٧٧٣ ی دەرکرد؛ تێیدا پێشوازی لە ڕاپۆرتی لیژنەکە کرد سەبارەت بە دیاریکردنی سنوورە وشکانییەکان، ئەنجومەنەکە جەختی لەوە کردەوە کە لیژنەکە دەسەڵاتی دووبارە تەرخانکردنەوەی زەوییەکانی نییە، بەڵکو تەنها بۆ ئەنجامدانی دیاریکردنی وردی هێڵە سنوورییەکان ڕاسپێردراوە، ئەوەش بە پشتبەستن بە ڕێکەوتننامەکانی پێشوو،

هەروەها ئەنجومەن لیژنەکەی ڕاسپارد بۆ دیاریکردنی سنووره دەریاییەکان ( United Nations Security Council, Resolution 773, S/RES/773, 26 August 1992 ؛ الكعبي، ٢٠٢٢: ٩٣).

بەریتانییەکان لە قۆناغێکی پێشتردا بە نوێنەرایەتي کوەیتییەکان پێشنیازیان سەبارەت بەو پرسە کردبوو (Mendelson, Hulton, 1990: 302)، پاشان لیژنەکە دەستی کرد بە دیاریکردنی سنووره دەریاییەکان بۆ ئەم مەبەستە بڕیاریدا نەخشەی دەریاگەرِی ژمارە (١٢٣٥)ی دەریادارِی بریتانی پەسەند بکات بۆ دیاریکردنی سنووره دەریاییەکان (الكعبي، ٢٠٢٢: ٩٤)، هێڵی سنوورەکە لەو ناوچەیەدا کێشراوە کە لەلایەن فەرمانگەی ڕووپێوی بەریتانیا ئامادەکرابوو، هەر بۆیە بە بنەماکردنی ڕێکەوتننامەی ١٩٦٣ نێوان عێراق و کوەیت مشتومڕی یاسایی لەسەرە ،چونکە نیشانەکردنی سنووری ناو خۆرِ عەبدوڵلا واتە سنووری ئاوی لە پەیماننامە کۆنەکاندا ئاماژەی پێ نەکراوە، لە کاتێکدا ئەنجومەنی ئاسایش گەرەنتیی پاراستنی سنووری ساڵی ١٩٦٣ی کردووە، بەڵام ئەمە لە هیچکام لە پەیماننامەکاندا باس نەکراوە و لە دەرەوەی دەسەڵاتەکانی لیژنەکەدا بوو (Mendelson, Hulton, 1990: 302).

حکومەتی عێراق لە ٢١ی ئایاری ١٩٩٢دا، ڕەخنەی لەو ئەنجامانە گرت کە لیژنەی ناوبراو پێی گەیشتبوو، ئەوەش لە ڕێگەی نامەیەکەوە کە وەزیری دەرەوەی عێراق محەمەد سەعید سەحاف (١٩٩٢-٢٠٠٠) ئاراستەی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد؛ نامەکە چەند پرسێکی گرنگی لەخۆ گرتبوو کە تێیدا هاتووە،کۆنووسی ساڵی ١٩٦٣ کە لیژنەکە وەک بەڵگەنامەیەکی بنەڕەتی لە کارەکانیدا پشتی پێ بەستووە، بەڵگەنامەیەکە کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەپێی ڕێکارە دەستوورییە ناوخۆییەکانی ئەو کاتە، پرۆسەی پەسەندکردنی تەواو نەکراوە؛ چونکە لەو سەردەمەدا پێویست بوو 'ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش' وەک بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان، ڕەزامەندی لەسەر هەر ڕێکەوتننامە یان پەیماننامەیەک بدات کە حکومەتی عێراق دەیبەستێت (المؤمن، ٢٠٢٥: ٢١٨) .

بێجگە لەوەی زیانێکی گەورەی پێگەیاند؛ بەو پێیەی ڕووبەرێکی فراوان لە زەوییەکانی عێراق و بیرە نەوتەکانی خرایە سەر کوەیت (کێڵگە نەوتییەکانی ڕومێلە)، جگە لەوەی عێراق لەسەر ئاستی سنووره دەریاییەکانیش زیانی پێگەیشت، چونکە لیژنەکە ئاوە قووڵە گونجاوەکانی بۆ کەشتیوانی بە کوەیت بەخشی و ئاوە تەنک و نەشیاوەکانی بۆ کەشتیوانی بۆ عێراق هێشتەوە (alhumza, Fazaa and others, 2025: 80)، کە بووە هۆی گواستنەوەی چەندین بیری نەوت و بنکەیەکی دەریایی بۆ سەر خاکی کوەیت لە ڕووی جیۆپۆلیتیکیەوە ( Congressional Research Service, March 31 1999: 6)،بەمجۆرە، عێراق گەورەترین زیانمەند بوو هەر بۆیە بڕیاری کۆتای لیژنەکە لە لایەن عێراقەوە ڕەتکرایەوە، چونکە بەبێ ڕەزامەندی گەلی عێراق سەپێنرابوو (alhumza, Fazaa and others, 2025: 80).

لەگەڵ کۆتاییهاتنی کارەکانی لیژنەکە، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە (٨٣٣)ی لە ٢٧ی ئایاری ١٩٩٣دەرکرد کە تێیدا هاتبوو: "**ئەنجومەنی ئاسایش پێزانینی خۆی بۆ لیژنەکە دەردەبڕێت بەرانبەر ئەو کارانەی لەسەر بەشە وشکانییەکەی سنوور و هەروەها لە خوور عەبدوڵلا یان کەرتی دەریایی سنوورەکە ئەنجامی داون، هەروەها پێشوازی لە بڕیارەکانی تایبەت بە داڕشتنی سنوورەکان دەکات و داوا لە عێراق و کوەیت دەکات ڕێز لە حورمەتی سنووره نێودەوڵەتییەکان و مافی تێپەڕبوونی کەشتیوانی بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بڕیارە**



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦
Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**پەیوەندیدارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بگرن**" ( United Nations Security Council, Resolution 833, S/RES/833, 27 May 1993).[٣]

لە ئەنجامدا ئەو ڕێکارە نوێیانە دەرفەتێکی یاساییان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەخساند تاوەکو دەستوەردانی ڕاستەوخۆ بکات لە کێشانەوەی سنووره نێودەوڵەتییەکانی نێوان عێراق و کوەیت، بەبێ ئەوەی عێراق هیچ ڕایەک یان ئیرادە یان هەڵبژاردنێک یان تەنانەت ئامادەبوونێکی کارای هەبێت (المؤمن، ٢٠٢٥: ٢١٦).

عێراق لە ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤دا دەستی بە جووڵە و کۆکردنەوەی هێزە سەربازییەکانی لەسەر سنووری کوەیت کرد ( Watson, Research Paper 94/105, October 14, 1994, 1)، کەپێکهاتبوو لە دوو فیرقەی هێزە بژاردەکانی پاسەوانی کۆماری (حەمورابی و ئەلنیدا) بۆ ئەوەی بچنە پاڵ نزیکەی ٤٠,٠٠٠ سەربازی ئاسایی لە باشووری عێراق و لە دەوروبەری شاری بەسرە ( Congressional Research Service, March 31 1999: 11).

لە هەمان کاتدا، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق و چەند وەزیرێکی تری عێراقی، کۆمەڵێک لێدوانی هەڕەشەئامێزیان دژی کوەیت و تیمەکانی پشکنینی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوکردەوە ( UK Parliament, House of Lords Debates, Hansard, vol. (559), 17 October 1994, 26)، بە مەبەستی دروستکردنی فشارێکی مەیدانی بۆ سەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و ناچارکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هەڵگرتنی سزاکان، ئەم کۆکردنەوە سەربازییە هاوکات بوو لەگەڵ وادەی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی 'یونسکۆم' لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤سەبارەت بە داماڵینی چەک، بەڵام هەڕەشەی ڕژێم بۆ بڕینی پەیوەندیی لەگەڵ پشکنەران نەک هەر بێئەنجام بوو، بەڵکو بەرپەرچدانەوەیەکی توندی نێودەوڵەتیی لێ کەوتەوە ( Watson, Research Paper 94/105, October 14, 1994, 1).

ئەنجومەنی ئاسایش لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤دا بڕیاری ژمارە ٩٤٩ی دەرکرد[٤] هەروەها لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییدا لەگەڵ جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق تارق عەزیز(١٩٣٦-٢٠١٥)، ڕاشکاوانە بەکارهێنانی زمانی هێزی بۆ دەستکاریکردنی ئیرادەی نێودەوڵەتی ڕەت کردەوە و سووربوونی خۆی لەسەر جێبەجێکردنی مەرجە یاساییەکان دووپات کردەوە بەمەش عێراق نەیتوانی گۆڕانکارییەک لە بنەمای سزاکاندا دروست بکات ( The Report of the Iraq Inquiry Volume I, 2016: 31).

لە بەرانبەر ئەمەدا ، لەندەن بە ئاشکرا سەرکۆنەی جوڵە سەربازییەکانی عێراقی کرد و جەختی لە پابەندبوونی تەواوی خۆی کردەوە بۆ بەرگریکردن لە سەروەریی کوەیت و پاراستنی خاکەکەی، هەروەها لە چوارچێوەی ڕێکەوتنامەی بەرگریی دووقۆڵی، دەستبەجێ هێزە دەریایی و ئاسمانییەکانی (لەوانەش کەشتییەکانی کۆرنواڵ و کاردیف و فڕۆکەکانی تۆرنادۆ) بۆ ناوچەکە ڕەوانە کرد، ئەم دەستێوەردانە سەربازییە تەنها لە کوەیتدا گەیشتە زیاتر لە ١٠٠٠ سەرباز و لە کۆی ناوچەی کەنداویشدا زیاتر لە ٢٠٠٠ سەربازیی بریتانی بۆ پاراستنی سەقامگیری و بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی ئەگەریی عێراق جێگیر کران، هەروەها بە توندی پشتگیریی لە دەرچوونی بڕیارنامەی ژمارە ٩٤٩ی ساڵی ١٩٩٤ی ئەنجومەنی ئاسایش کرد، کە داوای لە عێراق کرد دەستبەجێ هێزەکانی بۆ شوێنەکانی پێشوویان بکشێنێتەوە ( UK Parliament House of

Commons Debates, vol. (248), 17 October 1994, 23–26 ; UK Parliament (House of Lords Debates, vol. 559), 17 October 1994: 26-33).

بەم جۆرە عێراق لە ساڵی ١٩٩٤دا، لەژێر کاریگەریی چڕی فشارە نێودەوڵەتییەکان و لێکەوتە قورسەکانی گەمارۆی ئابووریی بڕیاری (٦٦١)، ناچار کرا بە فەرمی دان بە بڕیاری (٨٣٣)ی تایبەت بە نیشانەکردنی سنوورەکاندا بنێت؛ ئەم دانپێدانانە وەک مەرجێکی بنەڕەتی بۆ هەڵگرتنی سزاکان ئەژمار دەکرا، سەرەڕای ئەوەی جێبەجێکردنی بڕیارەکە بووە هۆی نیمچە پەکخستنی دەروازە دەریاییەکانی وڵاتەکە (alhumza, Fazaa and others, 2025: 80)، دواجار لە ١٠ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، دوای خاوبوونەوەی قەیرانەکە، عێراق بە فەرمی دانی نا بە سنوور و سەروەری کوەیتدا لە ڕێگەی پێشنیازێکەوە کە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق پەسەند کرا و لەلایەن سەدام حسێنەوە واژۆ کرا ( Congressional Research Service, March 31 1999: 12).

لە ساڵی ١٩٩٣ەوە هەتاکو تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣، لیژنەی چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان (ئەنیکۆم UNIKOM) لە نێوان عێراق و کوەیت ئەرکی پشکنینی ساڵانە و چاکردنەوەی ئەم نیشانە سنوورییانەی گرتە ئەستۆ، بەڵام لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣دا کۆتایی بە کارەکانی لیژنەی ئەنیکۆم هێنا و پسپۆڕی و ئەرکەکانی ئەم لیژنەیەی گواستەوە بۆ فەرمانگەی ئۆپەراسیۆنەکانی پاراستنی ئاشتیی سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی (المرزوق، ٢٠١٨: ١٦٣).بەمەش، سنووری نێوان عێراق و کوێت بە شێوەیەکی کۆتایی جێگیر کرا، دوای ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش ڕەزامەندییان لەسەر ئەم بڕیاری (٨٣٣)دا.

## ٢ . بەریتانیا و پرسی سزا ئابوورییەکان (بەرنامەی نەوت بەرانبەر بە خۆراک)

ئەو زنجیرە بڕیارانەی ئەنجومەنی ئاسایش کە بە مەبەستی سەپاندنی سزا بەسەر عێراقدا دەرچوون، بە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی بێ پێشینە لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جیادەکرێنەوە، ئەم سزایانە بە گشتگیرترین و توندترین جۆری سزای نێودەوڵەتی لە مێژووی هاوچەرخدا دادەنرێن کە تا ئێستا بەسەر دەوڵەتێکدا سەپێنرابێت، بە شێوەیەک کە پێشتر لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا هیچ نموونەیەکی هاوشێوەیان نەبووە (العلياوي، ٢٠١١: ٧٧ ؛ Weller, 2010: 22-23).

بڕیاری ژمارە (٦٦١)ی ساڵی ١٩٩٠ وەک دەقێکی یاسایی پابەندکەر دەرچوو کە داوای جێبەجێکردنی دەستبەجێی سزاکانی دەکرد، ئاستی پابەندبوون بەم بڕیارە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەهێز بوو، بە جۆرێک کە نزیکەی ١٤٠ دەسەڵاتی دادوەری لە سەرانسەری جیهاندا ڕێوشوێنی توندیان بۆ جێبەجێکردنی سزاکان پەسەند کرد (Weller, 2010: 22-23 ; Brown, 1999: 56-57 ).

لە ٢٠ی ئاداری ١٩٩١دا، ڕاپۆرتەکەی مارتی ئەهتیساری (Martt Ahtisaari)[٥] بڵاوکرایەوە، کە تێیدا وێنەیەکی کارەساتباری وێرانکارییەکانی ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی عێراق خستە ڕوو، بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە وایکرد ژمارەیەک لە دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا داوای کەمکردنەوەی سزا ئابوورییەکان بکەن، بەڵام سەرەڕای ئەم فشارانە،

ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا توانییان بڕیاری ژمارە (٦٨٧) لە ٣ی نیسانی ١٩٩١دا تێپەڕێنن، کە بە 'دایکی بڕیارەکان' ناسراوە ئەم بڕیارە وەک درێژترین و ئاڵۆزترین دەق یاسایی لە مێژووی ئەنجومەنی ئاسایشدا دادەنرێت و بووە چوارچێوەی سەرەکی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق لە قۆناغی دوای جەنگدا (Mccutcheon, 2009: 13).

ئامانجی سەرەتایی سزاکان ناچارکردنی عێراق بوو بۆ کشانەوە لە کوەیت، بەڵام بڕیاری ٦٨٧ هیچ مەرجێکی ڕوونی بۆ کۆتاییهێنان بە گەمارۆکە دیاری نەکرد، بەڵکو هەڵگرتنی سزاکانی گرێدایەوە بە دەرچوونی بڕیارێکی نوێی ئەنجومەنی ئاسایش، ئەمەش وایکرد گەمارۆ ئابوورییەکان بۆ ماوەیەکی نادیار و وەک ئامرازێکی فشار بەردەوام بن و کۆتاییهاتنیان تەنیا بەستراوە بێت بە ڕەزامەندیی سیاسیی وڵاتانی ئەندام ( Ismael and Ismael, 2015: 15 ; Brown, 1999: 57).

لە هاوینی ساڵی ١٩٩١دا، وەک وەڵامێک بۆ تێکچوونی دۆخی مرۆیی و تەندروستی لە عێراقدا ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری (٧٠٦)ی لەژێر بەشی حەوتەمی میساق نەتەوە یەکگرتووەکاندا[٦] پەسەند کرد، بڕیارەکە ڕێگەی بە عێراق دەدا بۆ ماوەی شەش مانگ بە بڕی (١,٦) ملیار دۆلار نەوت هەناردە بکات، بەو مەرجەی داهاتەکەی بخرێتە 'هەژمارێکی سپاردە' ( Escrow Account) لەژێر سەرپەرشتی سکرتێری گشتی، ئەم هەنگاوە بووە بناغەی بەرنامەی 'نەوت بەرانبەر بە خۆراک' بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان و دابەشکردنی دادپەروەرانەیان بەسەر تەواوی ناوچە و پێکهاتەکانی عێراقدا United Nations Security (Council, Resolution 706,) S/RES/706, 15 August 1991.

ئەنجوومەنی ئاسایش لە ١٩ی ئەیلوولدا، بڕیاری (٧١٢)ی بە مەبەستی ڕێکخستنی میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی پلانە مرۆییەکە پەسەند کرد، بەڵام حکومەتی عێراق هەردوو بڕیارەکەی (٧٠٦ و ٧١٢) ڕەتکردەوە و ئامادەی هاوکاریکردن نەبوو؛ بەغداد ئەم ڕێکارە نێودەوڵەتییانەی بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆ و پێشێلکردنی سەروەریی نیشتمانیی وڵاتەکەی لەقەڵەم دا (Watson, Research Paper 94/105, October 14, 1994, 11).

بڵاوبوونەوەی دیمەنی منداڵانی بەدخۆراکی عێراقی لە نەخۆشخانە داڕماوەکاندا، شەپۆلێکی فراوانی تووڕەیی جیهانیی دژی سیاسەتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لێکەوتەوە، لە لایەکی ترەوە سزاکان گوشارێکی زۆریان بۆ سەر ڕژێمەکەی سەدام حسێن دروست کرد ،چونکە زۆرینەی خەڵک پشتیان بە مووچەی دەوڵەت دەبەست؛ بۆیە حکومەت بەهۆی نەبوونی داهاتی نەوتەوە پەنای بۆ چاپکردنی بێسەروبەری پارە برد ئەم هەنگاوە هەڵاوسانێکی بێوێنەی لێکەوتەوە و نرخەکان لە شەش مانگدا ٦٠٠٪ بەرزبوونەوە، بە جۆرێک دینار بەهای نەما و خەڵک بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان ناچار بوون پەنا بۆ سیستەمی ئاڵوگۆڕی کاڵا بە کاڵا ببەن (Anderson and Stansfield, 2005: 93).

بەهۆی هەڵاوسانی بێ وێنەوە، مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت نەیتوانی هاوسەنگیی بژێوی ڕابگرێت و داهاتی ڕاستەقینەیان لە ساڵی یەکەمی سزاکاندا بە ڕێژەی ٩٠٪ دابەزی، تا گەیشتە تەنها ٥ دۆلار لە مانگێکدا بۆ ساڵی ١٩٩٣، ئەم کارەساتە ئابوورییە شەرعییەتی ڕژێمی سەدامی خستە مەترسییەوە، چونکە ئەو دەسەڵاتەی کە پێشتر شەرعییەتی خۆی لە دابینکردنی بژێوییەکی باش بۆ خەڵک وەردەگرت، ئێستا یەکێک لە کۆڵەکە هەرە گرنگەکانی حوکمڕانییەکەی لەبەردەم داڕمانێکی تەواوەتیدا بوو (Anderson and Stansfield, 2005: 93).

بەپێی ڕاپۆرتەکانی حکومەت و نەتەوە یەکگرتووەکان داهاتی ساڵانەی تاک لە عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی، بە جۆرێک لە ٢٢٧٩ دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٨٤، گەیشتە تەنها ٤٥٠ دۆلار لە ساڵی ١٩٩٥دا (Ismael and Ismael, 2015: 17 ; بنیس، ٢٠١٨: ٦٢)، دیارە بەردەوامیی سزاکان بووە هۆی هەڵاوسانی توند و دارمانی بەرهەمی ناوخۆیی ئەم قەیرانە مرۆییە زیاتر قووڵ بووەوە کاتێک عێراق سوودوەرگرتن لەو لێخۆشبوونە نێودەوڵەتییانەی ڕەتکردەوە کە بۆ دابینکردنی خۆراک و دەرمان دیاریکرابوون، ئەمەش دۆخەکەی گەیاندە ئاستێکی کارەساتبار .Boutz and Williams,) (2015: 51

بڕیاری ٧٧٨، کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٢دا دەرچوو، حکومەتی عێراق شەرمەزار کرد بەوەی ژیانی مەدەنییەکانی خستووەتە مەترسییەوە، بەپێی بڕیارەکە دەبوو هەموو داهاتەکانی نەوت و سەرمایەکانی عێراق لە دەرەوە بگوازرێنەوە بۆ هەژمارێکی دەستەبەری (Escrow account) لای نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها جەخت کرایەوە کە هیچ داراییەکی عێراق بۆ کڕینی پێداویستییە سەرەکییەکانی وەک خۆراک و دەرمان ئازاد ناکرێت، مەگەر لە ڕێگەی ئەو هەژمارە تایبەتە یان ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێت بۆ مەبەستی مرۆیی (United Nations (Security Council, Resolution 778, S/RES/778, 2 October 1992

لە چوارچێوەی هەوڵە دیپلۆماسییەکاندا، دەیڤد گۆر-بووس (David Gore-Booth) لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پێشنیازی هەموارکردنی بڕیارەکانی ٧٠٦ و ٧١٢ی کرد بە زیادکردنی بڕی هەناردەی نەوتی عێراق بۆ ٤ ملیار دۆلار، بەو هیوایەی ڕژێم ڕازی ببێت بە پابەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام ئەم پرسە تەنها ئابووری نەبوو، بەڵکو بە بابەتە ئاڵۆزەکانی وەک داماڵینی چەک و دیاریکردنی سنووری نێوان عێراق و کوەیتەوە گرێدرابوو ( The National .(Archives, FCO 8/9095, TELNO 955, 28 October 1992: 3

دوای سەرکەوتنی بیڵ کلینتۆن(Bill clinton) لە هەڵبژاردنەکاندا (١٩٩٣-٢٠٠١)، ڕژێمی عێراق ستراتیژییەکی نوێی بە ناوی 'دیپلۆماسییەتی فشار' گرتەبەر بۆ گۆڕانکاری لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ واشنتۆن ئەم پلانە لەسەر دوو تەوەر کاری دەکرد: جوڵاندنی سۆزی نێودەوڵەتی بۆ لایەنی مرۆیی گەلی عێراق و ئەنجامدانی دانوستاندنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ زلهێزەکان بۆ نیشاندانی نارەوایی سزاکان، هەرچەندە عێراق ویستی ساڵی ١٩٩٣ وەک 'ساڵی ئاشتی' بناسێنێت، بەڵام لە کۆتایی هەمان ساڵدا ئەنجومەنی ئاسایش دابەش بوو؛ ئەمریکا و بەریتانیا مەرجی هەڵگرتنی سزاکانیان بە پابەندبوونی تەواوەتی عێراقەوە بەستبووەوە، لە بەرانبەردا چین و فەرەنسا و ڕووسیا داوای خشتەیەکی کاتییان دەکرد بۆ هەڵگرتنی قۆناغ بە قۆناغی سزاکان هاوتەریب لەگەڵ جێبەجێکردنی داواکارییەکان ( The Report of the Iraq Inquiry, .(Volume I, 2016: 37

حکومەتی عێراق لە کانوونی دووەمی ١٩٩٤دا، جارێکی تر هاوکێشەی نەوت بەرانبەر بە خۆراکی ڕەتکردەوە (Watson, Research Paper 94/105, October 14, 1994, 11) ، ئەمەش وایکرد بەریتانیا بەرپرسیارێتیی تەواوی تێکچوونی باری مرۆیی وڵاتەکە بخاتە ئەستۆی بەغداد، دیارە لەندەن جەختی لەوە دەکردەوە کە مەینەتییەکانی گەلی عێراق دەرەنجامی ڕەتکردنەوەی بڕیارنامەکانی ٧٠٦ و ٧١٢یە لەلایەن حکومەتەوە، کە ڕێگەی بە هەناردەی نەوت دەدا بۆ کڕینی پێداویستییە مرۆییەکان، لە ڕوانگەی ستراتیژیی بەریتانیاوە، سووکردنی سزاکان تەنها بەستراوە بوو بە پابەندبوونی عێراق بە مەرجە سەرەکییەکان، وەک دانانی فەرمی بە سەروەریی کوەیت و

ڕاگرتنی سەرکوتکارییە ناوخۆییەکان دژی مەدەنییەکان( House of Commons Debates UK Parliament, vol. (248), 17 October 1994: 23–26 ; UK Parliament, Hansard, vol. (559), 17 October 1994).

لە ساڵی ١٩٩٥دا، ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (FAO) لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کرد کە بەهۆی سزاکانەوە زیاتر لە ملیۆنێک عێراقی گیانیان لەدەستداوە کە هەزارانیان منداڵ بوون (سیمونز، ٢٠٠٤: ٣٣-٣٤)، هاوتەریب لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی خاچی سوور، ڕۆژنامەنووس ڤیکتۆریا بریتین (Victoria Brittain) ئاماژەی بەوە کرد کە مانگانە ٢٠ هەزار حاڵەتی نوێی بەدخۆراکی لەناو منداڵاندا تۆمار دەکرێت، دەرەنجامە کارەساتبارەکان لە ئاداری ١٩٩٦دا گەیشتنە لوتکە، کاتێک ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) ڕایگەیاند کە ڕێژەی مردنی منداڵانی خوار پێنج ساڵ شەش ئەوەندە زیادی کردووە و زۆربەی گەلی عێراق لە لێواری برسیەتییەکی کوشندەدا دەژین(سیمونز، ٢٠٠٤: ٣٣-٣٤).

نەتەوە یەکگرتووەکان وەک وەڵامێک بۆ ناڕەزایەتییەکانی عێراق، بڕیارنامەی ٩٨٦ی لە نیسانی ١٩٩٥دا پەسەند کرد، کە دواتر بە بەرنامەی "نەوت بەرانبەر بە خۆراک" ناسرا (الزبيدي و أخرون، ٢٠٢٣: ٢٣) بەپێی ئەم بڕیارە، ڕێگە بە عێراق درا نەوت لەژێر چاودێری پشکنەرانی سەربەخۆدا بفرۆشێت و داهاتەکەی بخرێتە هەژمارێکی دەستەبەری تایبەتەوە بۆ کڕینی پێداویستییە مرۆییەکان بۆ دەستەبەرکردنی دابەشکردنێکی دادپەروەرانە، نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکی سەرپەرشتیکردنی هاوکارییەکانی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (دهۆک، هەولێر و سلێمانی) گرتە ئەستۆ، ئەم سیستەمە لەژێر وردبینییەکی وردی داراییدا بوو بۆ ئەوەی دڵنیایی هەبێت کە داهاتەکان تەنها بۆ خزمەتگوزارییە مرۆییەکان تەرخان دەکرێن ( United Nations Security Council, Resolution 986, S/RES/986, April 14, 1995).

سەرەڕای هۆشدارییەکان، ڕەتکردنەوەی سەرەتایی بڕیاری ٩٨٦ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە قەیرانە ئابوورییەکەی گەیاندە لوتکە یەکێک لە نیشانە هەرە دیارەکانی ئەم دارمانە، هەرەسهێنانی بەهای دینار بوو کە لە ماوەی تەنها ساڵێکدا لە ٧٠٦ دینارەوە بۆ ٣٠٠٠ دینار بەرانبەر بە دۆلار دابەزی، ئەم هەڵاوسانە بێ وێنەیە و لەدەستدانی تەواوەتی توانای کڕینی هاوڵاتیان، دواجار حکومەتی ناچار کرد لە هەڵوێستە توندەکەی پاشەکشە بکات و مل بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە بدات(Alnasrawi, 2001, 212-213).

لە کانوونی دووەمی ١٩٩٦دا، حکومەتی عێراق دواجار ڕەزامەندی لەسەر دانوستان لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان دەربڕی و لە ئایاری هەمان ساڵدا ڕێکەوتنی لێکتێگەیشتن واژۆ کرا (الزبيدي و أخرون، ٢٠٢٣: ٢٣)، هەرچەندە هێرشی عێراق بۆ سەر ناوچە کوردییەکان لە مانگی ئابدا جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکەی دواخست، بەڵام لە کۆتایی هەمان ساڵدا نەوتی عێراق گەیشتەوە بازاڕەکانی جیهان، پاشان لە بەهاری ساڵی ١٩٩٧دا، یەکەمین بارەکانی خۆراک و دەرمان گەیشتنە وڵات، کە ئەمەش وەک دەستپێکی کردەیی بەرنامەی نەوت بەرانبەر بە خۆراک هەژمار کرا بۆ سووککردنی باری سەر شانی هاوڵاتیان The Report of the Iraq ; Inquiry Volume I, 2016: 37 (Alnasrawi, 2001, 212-213).

بڕیاری ٩٨٦ بە جۆرێک دارێژرا کە وەڵامدەرەوەی ناڕەزایەتییەکانی عێراق بەرانبەر بڕیارەکانی پێشوو (٧٠٦ و ٧١٢) بێت، گرنگترین خاڵەکانی ئەم بڕیارە بریتی بوون لە جەختکردنەوە لەسەر سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق، بە جۆرێک کە ناوچە کوردییەکانیش لەو چوارچێوەیەدا هەژمار کران هەروەها، ڕێگە بە عێراق درا بۆ ماوەی شەش مانگ بە بڕی ٢ ملیار دۆلار نەوت

هەناردە بکات، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بتوانێت پێداویستییە مرۆییە سەرەکییەکانی گەلەکەی دابین بکات (الزبيدي و أخرون، ٢٠٢٣: ٢٣).
نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی سندوقی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی داگیرکاریی کوەیت دامەزراند، دارایی ئەم سندوقە لە ڕێگەی بڕینی ڕێژەیەک لە داهاتی نەوتی عێراق لە چوارچێوەی بەرنامەی "نەوت بەرانبەر بە خۆراک" دابین دەکرا ڕێژەی بڕینەکە لە سەرەتادا ٣٠٪ بوو، بەڵام بە مەبەستی سووککردنی بارگرانییە داراییەکان، لە ساڵی ٢٠٠٠دا بۆ ٢٥٪ کەمکرایەوە و دواجار لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەپێی بڕیاری ١٤٨٣ بۆ تەنها ٥٪ کەمکرایەوە (المرزوق، ٢٠١٨: ١٦٦).
شیاوی باسکردنە لەبەر ئەوەی بڕیاری نێودەوڵەتیی ٩٨٦ تەنها ماوەی ٦ مانگی دەگرتەوە، بەردەوامبوونی 'بەرنامەی نەوت بەرانبەر خۆراک' پشتی بە زنجیرەیەک بڕیاری نێودەوڵەتی بەست کە دواتر لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە دەرچوون، بەڵام ئەم بڕیارانە هەر لە چوارچێوەی بڕیاری ژمارە (٩٨٦)ی ساڵی ١٩٩٥دا مانەوە، هەر بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش کە پەیوەست بوو بەم بەرنامەیەوە قۆناغێکی نوێی لەو قۆناغانە پێکدەهێنا کە ماوەی بەرنامەکەی بۆ دابەش کرابوو (الزبيدي و أخرون، ٢٠٢٣: ٢٣).
لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٩٧دا، بڕیاری ژمارە (١١١١) دەرچوو بۆ درێژکردنەوەی بەرنامەکە بۆ ماوەی شەش مانگ و ڕێگەی دا بە خەرجکردنی ٢ ملیار دۆلار لە داهاتی فرۆشی نەوتی عێراق (United Nations Security Council, Resolution 1111, S/RES/1111: June 4, 1997) هەروەها بڕیاری (١١٤٣)ی ئەنجومەنی ئاسایش کە لە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٧دا دەرچوو درێژکردنەوەیەکی تری بۆ ماوەی شەش مانگ بۆ هەناردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکان بە هەمان نرخ (٢ ملیار دۆلار) بەخشی، جگە لەوەش بڕیاری بەردەوامبوونی پلانی دابەشکردنی مادە خۆراکی و تەندروستییەکانی دا (United Nations Security Council, Resolution 1143, S/RES/1143: December 4, 1997).
ڕاپۆرتی ئاسایشی گشتی لە شوباتی ١٩٩٨دا کە پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش کرابوو، ئاماژەی بەوە کرد کە بڕی ٢ ملیار دۆلار پێداویستییەکانی عێراق بۆ کاڵا و پێداویستییە مرۆییەکان پڕ ناکاتەوە (Alnasrawi, 2001: 212-213)، ئەمەش وایکرد بڕیاری (١١٥٣) کە لە ٢٠ی شوباتی ١٩٩٨دا پەسەند بکرێت، بڕی ئەو نەوتەی بەرزکردەوە کە عێراق دەیتوانی بیفرۆشێت، لە ٢ ملیار دۆلارەوە بۆ ٥,٢ ملیار دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر ٦ مانگێک، بڕیارەکە داوای پێکهێنانی تیمێکی شارەزایانی کرد بۆ ئەوەی بە ڕاوێژ لەگەڵ حکومەتی عێراق دیاری بکەن کە ئایا عێراق توانای هەناردەکردنی نەوت یان بەرهەمە نەوتییەکانی هەیە بەو بڕە پێویستەی کە بڕیارەکە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی عێراق دیاریی کردبوو؟ (United Nations Security Council, Resolution 1153, S/RES/1153, 20 February1998)، تیمەکە لە نیسانی هەمان ساڵ ڕایگەیاند کە عێراق توانای ئەوەی نییە، ئەمەش بووە هۆی ڕێگەدان بە هاوردەکردنی پارچەی یەدەگ و کەرەستەی پیشەسازی نەوت بەپێی بڕیاری (١١٧٥) کە لە ١٩ی حوزەیراندا ١٩٩٨دا دەرچوو (United Nations Security Council, Resolution 1175, S/RES/1175: 19 June1998).
تۆنی بلێر، سەدام حسێنی بە بەرپرسیاری سەرەکیی برسیبوونی منداڵانی عێراق ناوبرد و ڕایگەیاند کە بەریتانیا چیتر ڕێگە نادات ناوبراو بێڕێزی بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، هەروەها جەختی کردەوە کە ڕێگری دەکەن لەوەی سەدام جارێکی تر ببێتەوە بە هەڕەشە بۆ سەر گەلی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

عێراق و وڵاتانی دراوسێ، وەک هەوڵێک بۆ پاراستنی سەقامگیریی ناوچەکە و جێبەجێکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان (The sun، الانصات المركزي، العدد (٨٥٣)، ١٩٩٨/٢/٢١: ٧).

لەم چوارچێوەیەدا بەریتانیا هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ دۆزینەوەی رێگەیەک کە هاوکاریی گەلی عێراق بکات لەو دۆخە نالەبارەدا، بەڵام هاوکات جەختی لەسەر هێشتنەوەی سزاکان دەکردەوە تا ئەو کاتەی سەدام حسێن بەتەواوی مل بۆ بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەدات بۆ ئەم مەبەستەش لەندەن میوانداریی کۆنگرەیەکی کرد بە بەشداریی پسپۆڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەوروپا بۆ تاوتوێکردنی خێراکردنی رێکەوتنی "نەوت بەرانبەر بە خۆراک" ئەم سیاسەتە وەک هەڵوێستێکی ئاڵۆز و پڕ لە ناکۆکی دەبینرا، چونکە دەیویست هاوسەنگی لەنێوان فشارە سیاسییە توندەکان و پێداویستییە مرۆییەکاندا رابگرێت (الفيننشل تايمز، الانصات المركزي، العدد (٨٩٧)، ١٩٩٨/٤/٢٢: ٧).

عێراق ئەنجامەکانی کۆنگرەی لەندەنی بۆ هاوکارییە مرۆییەکان ڕەتکردەوە و بە 'دەستوەردانێکی گوماناوی' وەسفی کرد کە ئامانج لێی درێژکردنەوەی سزاکانە نەک هاوکاریکردنی خەڵک (BBC، الانصات المركزي، العدد (٨٩٨)، ١٩٩٨/٤/٢٣: ٢)، بۆیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٩دا، عێراق ڕایگەیاند کە چیتر ڕازی نییە هیچ کارمەندێکی ئەمریکی یان بەریتانی لە ناو تیمەکانی هاوکاریی مرۆییدا کار بکەن، بەو بیانوویەی کە حکومەت ناتوانێت پاراستنی پێویستیان بۆ دابین بکات، بەڵام ئەنجومەنی ئاسایش ئەم داواکارییەی ڕەتکردەوە و کارمەندەکانی نەکشاندەوە لەو بارەیەوە، ڕۆبن کوک وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئەم هەڵوێستەی بەغدادی بە "بیانوویەکی لاواز" وەسف کرد و جەختی لەسەر بەردەوامیی کارە مرۆییەکان کردەوە بەبێ گوێدانە ئەو فشارانەی ڕژێمی عێراق دروستی دەکردن (BBC، الانصات المركزي، العدد (١١١٦)، ١٩٩٩/١/٦: ٦ ؛ صوت امريكا، الانصات المركزي، العدد (١١١٧)، ١٩٩٩/١/٧: ٥)

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا تەواوی تۆمەتەکانی بەغدادی ڕەتکردەوە کە گوایە بڕیاری (١٢٨٤) بۆ تاڵانکردنی سامانی عێراقە؛ لەندەن ڕایگەیاند کە ئامانجی سەرەکیی بڕیارەکە نۆژەنکردنەوەی کەرتی نەوت و باشترکردنی باری مرۆیی گەلی عێراقە، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە بەردەوامیی چاودێرییە نێودەوڵەتییەکان دەرەنجامی بێ متمانەییە بە ڕژێمی سەدام و ڕەتکردنەوەی بڕیارەکەش لەلایەن بەغدادەوە وەک ئارەزوویەک بۆ مانەوەی سزاکان و پەنابردن بۆ بژاردەی سەربازی لە قەڵەم درا (اذاعة العراق الحر، الانصات المركزي، العدد (١٤٥٨)، ٢٠٠٠/١/٥: ١).

هۆکاری ناونانی پرۆگرامەکە بە نەوت بەرانبەر بە خۆراک دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەرییەکانی سزا و گەمارۆکان لەسەر عێراق کە تێکڕای کالۆری ڕۆژانەی هاوڵاتیانی عێراق لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەدا ١٣٠٠ کالۆری بوو ئەم بڕە زۆر کەمتر بوو لە بڕی ڕۆژانەی پێشنیارکراو، کە ٢٥٠٠ کالۆرییە بۆ پیاوان و ٢٠٠٠ کالۆرییە بۆ ژنان، لە ساڵی ٢٠٠١دا پرۆگرامەکە یارمەتیدەر بوو بۆ زیادکردنی ئەم ژمارەیە بۆ ٢٣٠٠ (Featherstone, 2021: 108-109) .

نیشانەی دابەشبوونی ناو ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە سیاسەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرانبەر عێراق، لە دەستلەکارکێشانەوەی چەندین بەرپرسدا دەردەکەوێت کە لە نزیکەوە چاودێریی سزاکانیان دەکرد، تەنها دوای ١٥ مانگ لە وەرگرتنی پۆستی ڕێکخەری کاروباری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغداد و سەرپەرشتیاری بەرنامەی نەوت بەرانبەر خۆراک، هانس ڤۆن سپۆنێک (Hans Von Sponeck) (١٩٩٨-٢٠٠٠) لە شوباتی ٢٠٠٠دا لە پۆستەکەی کشایەوە (صوت المانيا، الانصات المركزي، العدد (١٥٠٤)، ٢٠٠٠/٢/٢٢: ٨)

،ئەمریکا و بەریتانیا فشاریان بۆ لادانی ڤۆن سپۆنێک کردبوو، ئەمەش بەهۆی بێزارییان لە لێدوانە ئاشکراکانی سەبارەت بە کاریگەرییە وێرانکەر و پەکخەرەکانی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر عێراق؛ ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێت پرسەکانی داماڵینی چەک بە جیا لە بابەتی کەمکردنەوەی سزاکان تاوتوێ بکرێن، فشارێکی هاوشێوە بووە هۆی ئەوەی کە دێنس هالیدای١٩٩٧-١٩٩٨(Denis J.Halliday)[٧] پێش ئەو لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٨دا دەست لە پۆستەکەی بکێشێتەوە (Kozal, 2000: 388).

ڕۆژێ دوای دەست لەکارکێشانەوەکەی ڤۆن سپۆنێک، سەرۆکی بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جوتا بورگهارت ١٩٩٩-٢٠٠٠(Jutta Burghardt)، دەستی لەکارکێشایەوە؛ ئەمەش وەک نارەزایەتییەک دژی سزای ئابووری و شکستهێنانی بەرنامە مرۆییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاراستنی هاووڵاتیانی مەدەنی عێراق لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی سزاکان (Kozal, 2000: 389).

سەرەرای نارەزایەتی و دەست لەکارکیشانەوەکان، کەچی وەزیری بەرگری بەریتانیا جێفری هۆن ١٩٩٩-٢٠٠٥(Geoffrey Hoon) جەختی لەوە دەکردەوە کە وڵاتەکەی و هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژئاوا بەردەوام دەبن لە فشار خستنە سەر عێراق تا ئەوکاتەی بە تەواوی پابەندی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەبێت ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە سەرەڕای سەرکەوتنی سزاکان لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا بۆ سنووردارکردنی توانای حکومەتی عێراق، بەڵام هێشتا مەترسیی سوپا گەورەکەی عێراق و توانای پەرەپێدانی چەکی کۆمەڵکوژ ماوە، بۆیە هەر سووککردنێکی سزاکان زیان بە بەرژەوەندییەکان دەگەیەنێت (BBC ، الانصات المركزي، العدد (١٥٨٢)، ٢٠٠٠/٥/١٩: ١).

دەکرێت بڵێین بەریتانیا لەنێوان سالانی ١٩٩٢ هەتاکو ٢٠٠٠ ڕۆڵێکی چالاك و یەکلاکەرەوەی لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ئاسایشدا بینی، ئەم وڵاتە داکۆکیکارێکی سەرسەختی بەردەوامیی سزا ئابوورییەکان بوو وەک ئامرازێک بۆ ناچارکردنی ڕژێمی عێراق بە مەبەستی ملکەچبوون بۆ بڕیارە نێودەوڵەتییەکان، لەگەڵ توندبوونی قەیرانە مرۆییەکان، بەریتانیا ڕۆڵێکی جەوهەری بینی لە داڕشتنی بڕیاری (٩٨٦)ی ساڵی ١٩٩٥ بۆ دەستپێکردنی بەرنامەی (نەوت بەرانبەر بە خۆراک)؛ مەبەست لەم هەنگاوە دروستکردنی دەرچەیەکی مرۆیی بوو بۆ گەلی عێراق بەبێ ئەوەی ڕێگە بە بووژانەوەی توانای سەربازیی ڕژێم بدرێت، بەریتانیا هەتاکو کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ توانی هاوسەنگییەک لە نێوان فشاری سیاسیی توند و ڕێگریکردن لە کارەساتی مرۆیی بپارێزێت، بەمەش ڕێگەی نەدا حکومەتی عێراق پرسی بژێوی خەڵک وەک کارتێکی فشار دژی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکاربهێنێت.

**پەراوێزەکان:**

١. بەگوێرەی کۆنووسی کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان هەردوو شاندی عێراق و کوەیت، کۆماری عێراق بە فەرمی دانی بە سەربەخۆیی و سەروەریی تەواوی دەوڵەتی کووەیتدا نا، بەو سنوورانەی کە لە نامە گۆڕینەوەکانی ساڵی ١٩٣٢دا دیاریکرابوون، ئەم ڕێکەوتنە جەختی لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییە برایانەکانی نێوان هەردوو وڵات کردەوە لەژێر ڕۆشنایی ئەرکی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی هاوبەش و بە ئامانجی گەیشتن بە یەکێتییەکی گشتگیری عەرەبی، هەروەها هەردوولا پابەندی خۆیان بۆ پەرەپێدانی هاوکارییەکانیان لە بوارەکانی کولتوور، بازرگانی، ئابووری و ئاڵوگۆڕی زانیارییە تەکنیکییەکان دەربڕی، کە ئەمەش بووە مایەی دەستبەجێ دەستپێکردنی


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی لەسەر ئاستی باڵیۆز لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا، وەک نیشانەیەکیش بۆ ئەم ڕێکەوتنە مێژووییە، سەرۆکی هەردوو شاندەکە کۆنووسەکەیان واژۆ کرد. بڕوانە: (العنزي، ١٩٩٢: ٣٢٧-٣٢٨).

٢. عێراق نامەیەکی لە ڕێگەی وەزیری دەرەوەی عێراق تاریق عەزیز لە ڕێکەوتی ٢٣ی نیسانی ١٩٩١ ئاراستەی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد، کۆمەڵێک ڕاستی و پرسیاری لەخۆ گرتبوو کە دیارترینیان، نەبوونی بنەمایەکی یاسایی بۆ ئەو نەخشە دانراوەی کە لە پێشتر ئاماژەپێکرابوو کە ببووە بەڵگەنامەیەکی بنەڕەتی لە کاری لیژنەکەدا بەو پێیەی گوایە لە کۆنووسی ساڵی ١٩٦٣دا هاتووە؛ لە کاتێکدا ئەو کۆنووسە هیچ ئاماژەیەکی بەو نەخشەیە یان هەر نەخشەیەکی دیکە نەکردووە بەمەش، لایەنی عێراق نەخشەیەکی سنووری بەسەردا سەپێنراوە کە لە بنەڕەتدا خۆی بەشێک نەبووە لە دانان یان ئامادەکردنی. (المؤمن، ٢٠٢٥: ٢١٧).

٣. ئەنجومەنی ئاسایش، لە کاتێکدا جەخت لەسەر بڕیارەکانی پێشووی (٦٨٧، ٦٨٩، ٧٧٣، ٨٠٦) دەکاتەوە و ئاماژە بە ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی لیژنەی نیشانەکردنی (ترسیم) سنووری نێوان عێراق و کوەیت دەکات و ڕاپۆرتی کۆتایی لیژنەکە لەبەرچاو دەگرێت؛ دووپاتی دەکاتەوە کە لیژنەکە سنووری دەستکاری نەکردووە، بەڵکو تەنها نیشانەکانی دیاری کردووە و داوا لە عێراق و کوەیت دەکات ڕێز لەو سنوورە بگرن کە دیاری کراوە و بڕیارەکانی لیژنەکەش بە کۆتایی و بنبڕ دادەنێت. بڕوانە : (United Nations Security Council, Resolution 833, S/RES/833: 27 May 1993)

٤. لە دوای جووڵەپێکردنی هێزەکانی عێراق بەرەو سنووری کوەیت، بڕیاری ژمارە ٩٤٩ دەرچوو کە تێیدا ئاماژە بە هەڕەشەکانی پێشووی عێراق و بەکارهێنانی کردەیی هێز دژی دراوسێکانی کرا؛ بڕیارەکە هۆشداریی دا کە هەر جۆرە کردارێکی دوژمنکارانە بەرانبەر دراوسێکانی، وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە هەژمار دەکرێت، ئەنجومەنی ئاسایش جەختی کردەوە کە "عێراق بەرپرسیارێتی تەواوی دەرەنجامە مەترسیدارەکانی هەر جۆرە کەمتەرخەمییەک لە جێبەجێکردنی داواکارییەکان دەگرێتە ئەستۆ، لەوانە کشانەوەی هێزەکان و ئەنجامنەدانی هیچ کارێکی تر بۆ بەهێزکردنی توانای سەربازیی لە باشووری عێراقدا. بڕوانە: (United Nations Security Council, Resolution 949, 15 October 1994, S/RES/949)

٥. ڕاپۆرتی ئەهتیساری (Ahtisaari Report) یەکێکە لە گرنگترین و کاریگەرترین ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان کە لەسەر بارودۆخی عێراق نووسراوە، بەتایبەت دوای شەڕی کەنداو لە ئاداری ١٩٩١، دوای تەنها چەند هەفتەیەک لە کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی کەنداو نەتەوە یەکگرتووەکان لێژنەیەکی بە سەرۆکایەتی مارتی ئەهتیساری (Martti Ahtisaari) (کە ئەو کاتە بریکاری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو و دواتر بوو بە سەرۆکی فینلەندا و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەرگرت) نارد بۆ عێراق بۆ هەڵسەنگاندنی پێداویستییە مرۆییەکان، ئامانجی سەرەکی ئەهتیساری ئەوە بوو کە هۆشداری بداتە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەگەر بەپەلە هاوکاری مرۆیی نەنێردرێت و گەمارۆکان کەم نەکرێنەوە، عێراق ڕووبەڕووی کارەساتێکی مرۆیی گەورە و برسییەتییەکی سەرتاسەری دەبێتەوە، ئەو ڕستە ناودارەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو و جیهانی هەژاند، ئەمە بوو(عێراق تووشی کارەساتێکی گەورە بووە و گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی پێش پیشەسازی). بۆ زانیاری دەربارەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە بڕوانە: (Ahtisaari, 1991: Document Symbol S/22366).

٦. بەشی حەوتەمی میساق نەتەوە یەکگرتووەکان مادەی (٣٩) تا (٥١) پێکدێت بە گرنگترین چوارچێوەی یاسایی دادەنرێت کە دەسەڵاتی بڕیاردانی پابەندکەر دەداتە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ

پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. بەپێی ماددەی (٣٩)، ئەنجومەن دەسەڵاتی هەیە بۆ دەستنیشانکردنی هەر هەڕەشەیەک یان پێشێلکارییەک کە ڕووبەڕووی ئاشتی دەبێتەوە؛ لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانێت ڕێوشوێنی زۆرەملێ بگرێتە بەر. ئەم ڕێوشوێنانە بەپێی ماددەی (٤١) دەکرێت ناجەنگی بن، وەک سزای ئابوری و بڕینی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، یان ئەگەر ئەم ئامرازانە بێئەنجام بن، ئەوا بەپێی ماددەی (٤٢) پەنا بۆ هێزی سەربازی دەبرێت. بایەخی ستراتیجیی بڕیارەکانی ئەم بەشە لەوەدایە کە بەپێی ماددەی (٢٥)ی میساقەکە، بۆ تەواوی دەوڵەتانی ئەندام پابەندکەرن، لە مادەی (٥١)یشدا مافی ڕەوای بەرگری لەخۆگرتن بۆ دەوڵەتان پارێزراوە. بڕوانە: ( Charter of the United Nations, 26 June 1945: Chapter VII - (Articles 39–51

٧. دێنیس جەی هالیدای یاریدەدەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو هەروەها لە ١ی ئەیلوولی ١٩٩٧ هەتاکو ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٩٨، وەک ڕێکخەری کاروباری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرنامەی (نەوت بەرامبەر خۆراک) لە عێراق کاری کردووە، هەتاکو ئەوکاتەی لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨دا دەستی لەکار کێشایەوە. بڕوانە:
Siegal, Mark 1999: january 5, 2026
https://news.cornell.edu/stories/1999/09/former-un-official-says-sanctions-against-iraq-amount-genocide)

**ئەنجام:**

١ .ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بەریتانیا لە دیاریکردنی سنوورەکان: توێژینەوەکە دەریخست کە بەریتانیا تەنیا لایەنێکی بڕیارەکان نەبووە، بەڵکو وەک سەرچاوەیەکی تەکنیکی و مێژوویی سەرەکی ڕۆڵی گێڕاوە. پشتبەستنی نەتەوە یەکگرتووەکان بە نەخشە تۆپۆگرافییەکانی وەزارەتی بەرگری بەریتانیا و ئەرشیفی وەزارەتی هندستانی بریتانی لە ساڵانی ١٩٣٢ و ١٩٤٢، سەلمێنەری ئەوەیە کە بەریتانیا کێشانەوەی سنوورەکانی بە ئاڕاستەیەک برد کە زیاتر لە بەرژەوەندی کوەیت و جێگیرکردنی پێگەی خۆی بێت لە کەنداو، ئەمەش عێراق تووشی زیانێکی جیۆپۆلیتیکی و ئابووری گەورە کرد، بەتایبەت لە لەدەستدانی کێڵگە نەوتییەکانی ڕومێلە و بەرتەسککردنەوەی دەروازە ئاوییەکانی لە "خورِ عەبدولا."

٢ .سیاسەتی توندی سزا ئابوورییەکان: دەرکەوت کە بەریتانیا یەکێک بووە لە داکۆکیکارە هەرە سەرسەختەکانی مانەوەی سزاکانی بڕیاری (٦٦١)، لەندەن توانی "دۆسیەی مرۆیی" و "دۆسیەی سیاسی" تێکەڵ بکات؛ بە جۆرێک کە بەرپرسیارێتی دارمانی باری بژێوی خەڵکی دەخستە ئەستۆی ڕژێمەکەی بەغداد، لە کاتێکدا لە ناو ئەنجومەنی ئاسایش ڕێگری دەکرد لە هەر هەوڵێک بۆ سووککردنی سزاکان پێش جێبەجێکردنی مەرجە سیاسییەکان، ئەمەش ئامرازێک بوو بۆ "لاوازکردنی ستراتیژی" عێراق نەک تەنها گۆڕینی ڕەفتاری ڕژێم.

٣ .هاوسەنگی لە نێوان فشار و بەرنامە مرۆییەکان: بەرنامەی "نەوت بەرانبەر بە خۆراک" (بڕیاری ٩٨٦) وەک دەرچەیەکی ناچاری بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی عێراق لە برسییەتی دەبینرا، بەڵام بەریتانیا وەک سیستمێکی چاودێریی توند بەکاریهێنا، ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە بەریتانیا لە ڕێگەی ئەم بەرنامەیەوە توانی داهاتە نەوتییەکانی عێراق بخاتە ژێر کۆنترۆڵی نێودەوڵەتی و ڕێژەیەکی زۆریشی بۆ قەرەبووکردنەوەی کوەیت ببڕێت، ئەمەش وایکرد عێراق بۆ ماوەی دە ساڵ وەک دەوڵەتێکی "پەککەوتە لە ڕووی سەروەرییەوە" بمێنێتەوە.

٤ .كاردانەوە سەربازییەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکان: جوڵاندنی هێزە دەریایی و ئاسمانییەکانی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٩٤ لە وەڵامی جوڵەکانی سوپای عێراق، دەریخست کە لەندەن ئامادەیە هێزی سەربازی لە دەرەوەی چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەکاربهێنێت بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا، ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کە "ئاسایشی کوەیت" بۆ بەریتانیا هێڵێکی سووری ستراتیژی بووە کە پەیوەستە بە ئاسایشی وزەی جیهانییەوە.

٥. لەکۆتاییدا، دەتوانین بڵێین هەڵوێستی بەریتانیا لەم قۆناغەدا تێکەڵەیەک بوو لە "پابەندی بە یاسای نێودەوڵەتی" و "بەکارهێنانی ئەو یاسایە" بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە دەرەنجامەکەی گۆڕینی نەخشەی سنووری و داهاتووی ئابووری عێراق بوو بۆ چەندین دەیەی دواتر.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم: بەڵگەنامەکان**

**أ/ بڵاونەکراوە**


1.The National Archives (1992), Foreign and Commonwealth Office (FCO) 8/9095, TELNO 955, London: UK Government Records.

**ب/ بڵاوکراوە (بڕیارە فەرمییەکان و ڕاپۆرتەکان)**

1.Ahtisaari, Martti (1991), Report to the Secretary-General on Humanitarian Needs in Kuwait and Iraq in the Immediate Post-Crisis Environment, Document Symbol S/22366, New York: United Nations.

2. Charter of the United Nations, signed at San Francisco, 26 June 1945, Chapter VII (Articles 39–51).

3.Congressional Research Service (March 31 1999), Iraq: Post-War Challenges and U.S. Responses 1991–1998, CRS Report 98-386, Washington, DC.

4.The Report of the Iraq Inquiry (2016), Volume I: Executive Summary and Introduction, London: UK Government.

5. UK Parliament (17 October 1994), House of Commons Debates, Hansard, vol. (248), Iraq and Kuwait.

6. UK Parliament (17 October 1994), House of Lords Debates, Hansard, vol. (559), Iraq and Kuwait.

7.United Nations Security Council (1991), Resolution 687 (S/RES/687), 3 April 1991.

8.United Nations Security Council (1991), Resolution 706 (S/RES/706), 15 August 1991.

9.United Nations Security Council (1992), Resolution 773 (S/RES/773), 26 10.United Nations Security Council (1992), Resolution 778 (S/RES/778), 2 October 1992.

11.United Nations Security Council (1993), Resolution 833 (S/RES/833), 27 May 1993.
12.United Nations Security Council (1994), Resolution 949 (S/RES/949), 15 October 1994.
13.United Nations Security Council (1995), Resolution 986 (S/RES/986), 14 April 1995.
14. United Nations Security Council (1997), Resolution 1111 (S/RES/1111), 4 June 1997.
15.United Nations Security Council (1997), Resolution 1143 (S/RES/1143), 4 December 1997.
16.United Nations Security Council (1998), Resolution 1153 (S/RES/1153), 20 February 1998.
17.United Nations Security Council (1998), Resolution 1175 (S/RES/1175), 19 June 1998.
18. Watson, Fiona (October 14 1994), Sanctions against Iraq, Research Paper 94/105, International Affairs and Defence Section, House of Commons Library.

**دووەم: نامە زانكۆییەكان**

**أ- دكتۆرا (Ph.D. Dissertations)**

1. Featherstone, Christopher (2021), Why did the US and the UK decide to invade Iraq in 2003? A comparative Foreign Policy Analysis, (Doctor), unpublished, College of Social Sciences, University of Birmingham.
2. Mccutcheon, Richard (2009), The US/UK-Iraq War, 1991-2003: How A Process Model of OF Violence Illuminates War, (Doctor), the School of Graduate Studies, McMaster University.

**ب- ماستەر(Master's Theses)**

١. العصيمي، خالد عبد الرحمن (٢٠١٢)، ترسيم الحدود الكويتية العراقية وأثره على السياسة الخارجية الكويتية، (ماجستير)، قسم العلوم السياسية كلية الآداب والعلوم، جامعة الشرق الأوسط.
٢. العلياوي، فاتن عبد الستار جبار (٢٠١١)، العراق والأمم المتحدة (١٩٩٠م - ٢٠١٠م)، (ماجستير)، كلية الدراسات العليا، الجامعة الأردنية.
٣. الكعبي، ياسر رحيم كاظم حسين (٢٠٢٢)، العلاقات العراقية - الكويتية بعد عام ١٩٩١، (ماجستير)، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة كربلاء.

**سێیەم: كتێب:**

**أ / عەرەبی**

١. بنيس، فيليس (٢٠١٨)، تحدي الإمبراطورية: كيف يقاوم الناس والحكومات والامم المتحدة القوة الامريكية، ترجمة: عمر الأيوبي، بيروت: الدار العربية للعلوم ناشرون.

٢. الزبيدي، حسن لطيف و أخرون (٢٠٢٣)، العراق عقدان ملتهبان تناسل الازمات.. امتناع الحلول (المجلد الخامس)، الطبعة الاولى، مركز الرافيدين للحوار، بيروت/النجف الاشرف.
٣. سيمونز، جيف (٢٠٠٤)، استهداف العراق: العقوبات والقصف والسياسة من حرب الخليج الأولى إلى الغزو العسكري، ترجمة: ليلى زيدان، بيروت: دار العربية للعلوم.
٤. العنزي، فلاح مروان (١٩٩٢)، الحدود الدولية بين العراق والكويت، مطبعة العمال، بغداد.

**ب/ ئينگليزى**

1. Anderson, Liam and Gareth Stansfield (2005), The Future of Iraq: Dictatorship, Democracy, or Division?, New York: Palgrave Macmillan.
2. Ghali, Boutros Boutros (1996), The United Nations and the Iraq-Kuwait Conflict 1990-1996, The United Nations Blue Books Series, Volume IX, Department of Public Information United Nations, New York.
3. Brown, Michael (1999), The International Dimensions of Internal Conflict, Cambridge: MIT Press.
4. Weller, Marc (2010), Iraq and the Use of Force in International Law, Oxford: Oxford University Press, London.
5. Ismael, Tareq Y. and Jacqueline S. Ismael (2015), Iraq in the Twenty-First Century Regme change and the making of a failed state, First published, Routledge, New York.
6. Boutz, Gary M. and Kenneth H. Williams (2015), U.S. Relations with Iraq From the Mandate to Operation Iraqi Freedom, air force History Museums program, Washington.

**چوارەم: گۆڤار و توێژینەوەی ئەکادیمی**

**أ/ عەرەبی**

١. الزبيدي، جاسم محمد و أخرون (٢٠٢٣)، تداعيات برنامج النفط مقابل الغذاء على الاقتصاد العراقي، مجلة الدراسات السياسية، العدد ٤٥، بغداد.
٢. عبدالله، بدرية صالح (٢٠٢٥)، الخلافات الحدودية العراقية الكويتية وإشكالية الحل : رؤية عراقية، مجلة دراسات دولية، جامعة بغداد - مركز الدراسات الاستراتيجية والدولية، العدد(١٠٠)، بغداد.
٣. العصيمي، صالح (٢٠١٢)، لجنة ترسيم الحدود العراقية الكويتية: دراسة في الشرعية الدولية، المجلة القانونية الدولية، العدد (١٢)، القاهرة.
٤. العنزي، رشيد حمد (١٩٩٢)، تحديد الحدود البرية بين الكويت والعراق طبقًا لقواعد القانون الدولي، مجلة الحقوق، كلية الحقوق، جامعة الكويت، مجلد(١٦)، عدد( ٣–٤)، الكويت.
٥. العلياوي، علي جابر (٢٠١١)، العقوبات الدولية المفروضة على العراق: دراسة في الاثار القانونية والسياسية، مجلة العلوم القانونية والسياسية، جامعة بغداد.
٦.الكعبي، حيدر (٢٠٢٢)، ترسيم الحدود البحرية العراقية الكويتية في ضوء قرارات مجلس الأمن، مجلة دراسات قانونية، بغداد.

٧.المرزوق، باسم (٢٠١٨)، المواقف الدولية تجاه الازمات العراقية الكويتية، المجلة العلمية للدراسات السياسية، السويس.
٨.المؤمن، جعفر خزعل جاسم (٢٠٢٥)، السياسة الدولية والحدود العراقية الكويتية بعد عام ١٩٩١، حولية الدراسات التاريخية، العراق.

**ب/ ئينگليزى**

1. alhumza, Mohsen Abed, Wadad Abd al-Sada Fazaa and others (2025), The Reflections of The Seconed Gulf War on The Iraqi – Kuwaiti Relations 1990-2010, American Journal of Research in Humanities and Social Sciences, American Journals Publishing, Vol.(37), America.
2. Alnasrawi, Abbas (2001), Iraq: Economic Sanctions and Consequences, 1990-2000, Third World Quarterly, Vol. 22, No. 2, London.
3. Boutz, Jennifer and David Williams (2015), Humanitarian Crises and International Law: The Case of Iraq, International Review of Red Cross, uk.
4. Featherstone, Mark (2021), Nutritional Impacts of the Oil-for-Food Program, Public Health Journal. Uk.
5. Kozal, Peggy (January 2000), Is the Continues Use of Sanctions as Implemented against Iraq a Violation of International Human Rights, Denver Journal of International Law & Policy, Volume.(28) Number.(4), USA.
6. Mendelson, M.H. and S.C. Hulton (1990), The Iraq-Kuwait Boundary: Legal Aspects, Belgian Review of International Law, Éditions Bruylant, Bruxelles, No.(2), Brussels.

**پێنجەم: ڕۆژنامە**

١.The sun، الانصات المركزي، مكتب الاعلام المركزي، العدد (٨٥٣)، ١٩٩٨/٢/٢١.

٢.الفيننشل تايمز، الانصات المركزي، مكتب الاعلام المركزي، العدد (٨٩٧)، ١٩٩٨/٤/٢٢.

٣.BBC، الانصات المركزي، مكتب الاعلام المركزي، العدد (٨٩٨)، ١٩٩٨/٤/٢٣.

٤.BBC، الانصات المركزي، مكتب الاعلام المركزي، العدد (١١١٦)، ١٩٩٩/١/٦.

٥.صوت امريكا، الانصات المركزي، مكتب الاعلام المركزي، العدد (١١١٧)، ١٩٩٩/١/٧.

٦.اذاعة العراق الحر، الانصات المركزي، مكتب الاعلام المركزي، العدد (١٤٥٨)، ٢٠٠٠/١/٥.

٧.صوت المانيا، الانصات المركزي، مكتب الاعلام المركزي، العدد (١٥٠٤)، ٢٠٠٠/٢/٢٢.

٨.BBC، الانصات المركزي، مكتب الاعلام المركزي، العدد (١٥٨٢)، ٢٠٠٠/٥/١٩.

**شەشەم: تۆڕی ئینتەرنێت**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

Siegal, Mark (September 30, 1999), Former UN Official Says Sanctions Against Iraq Amount to Genocide, Cornell Chronicle, accessed january 5, 2026, ( https://news.cornell.edu/stories/1999/09/former-un-official-says-sanctions-against-iraq-amount-genocide).

## Sources:

**First , the documents**

**A. It is not published**

1.The National Archives (1992), Foreign and Commonwealth Office (FCO) 8/9095, TELNO 955, London: UK Government Records .

**b ) Publications ( Official Decisions and Reports(**

1.Ahtisaari, Martti (1991), Report to the Secretary-General on Humanitarian Needs in Kuwait and Iraq in the Immediate Post-Crisis Environment, Document Symbol S/22366, New York: United Nations.

2. Charter of the United Nations, signed at San Francisco, 26 June 1945, Chapter VII (Articles 39–51).

3.Congressional Research Service (March 31 1999), Iraq: Post-War Challenges and US Responses 1991–1998, CRS Report 98-386, Washington, DC.

4.The Report of the Iraq Inquiry (2016), Volume I: Executive Summary and Introduction, London: UK Government.

5. UK Parliament (17 October 1994), House of Commons Debates, Hansard, vol. (248), Iraq and Kuwait.

6. UK Parliament (17 October 1994), House of Lords Debates, Hansard, vol. (559), Iraq and Kuwait.

7.United Nations Security Council (1991), Resolution 687 (S/RES/687), 3 April 1991 .

8.United Nations Security Council (1991), Resolution 706 (S/RES/706), 15 August 1991 .

9.United Nations Security Council (1992), Resolution 773 (S/RES/773), 26 10.United Nations Security Council (1992), Resolution 778 (S/RES/778), 2 October 1992 .

11.United Nations Security Council (1993), Resolution 833 (S/RES/833), 27 May 1993 .

12.United Nations Security Council (1994), Resolution 949 (S/RES/949), 15 October 1994 .

13.United Nations Security Council (1995), Resolution 986 (S/RES/986), 14 April 1995 .
14. United Nations Security Council (1997), Resolution 1111 (S/RES/1111), 4 June 1997 .
15.United Nations Security Council (1997), Resolution 1143 (S/RES/1143), 4 December 1997 .
16.United Nations Security Council (1998), Resolution 1153 (S/RES/1153), 20 February 1998 .
17.United Nations Security Council (1998), Resolution 1175 (S/RES/1175), 19 June 1998 .
18. Watson, Fiona (14 October 1994), Sanctions against Iraq, Research Paper 94/105, International Affairs and Defense Section, House of Commons Library.

**Second, university letters**

A .**Dr. Ra ) Ph.D. Dissertations (**

1. Featherstone, Christopher (2021), Why did the US and the UK decide to invade Iraq in 2003? A Comparative Foreign Policy Analysis, (Doctoral), unpublished, College of Social Sciences, University of Birmingham.
2. Mcccutcheon, Richard (2009), The US/UK-Iraq War, 1991-2003: How A Process Model of OF Violence Illuminates War, (Doctoral), the School of Graduate Studies, McMaster University.

**B .Master 's Theses**

. ١Al-Asimi , Khalid Abdulrahman (2012), Fear of the Iraqi Kuwaiti Border and its Impact on Kuwaiti Foreign Policy, (Majest YR ) , Department of Political Sciences, Faculty of Arts and Sciences, Middle East University.
.٢Al-Aliyawi , Faten Abdul Sattar Jabbar (2011), Iraq and the United Nations) ,( ٢٠١٠ - ١٩٩٠ ) Majest YR , ( Faculty of Higher Studies, Jordanian University.
.٣Al-Kaabi, Yasser Rahim Kazem Hussein (2022), Iraqi-Kuwaiti Relations After General 1991, (Majest YR ) , Faculty of Education for Humanities , University of Karbala.

**Third: Book:**

**A / Arabic**

.١Bennis, Phyllis (2018) , Challenging Empire: How People, Governments and Nations Resist American Power, translated by Omar al-Ayyubi, Beirut: Arab House of Public Sciences.

.٢Al-Zubaidi, Hassan Latif and Akhrun (2023), Iraq's Contracts and the Communication of Difficulties.
.٣Simmons, Jeff (2004 ), The Challenge of Iraq: Punishments, Conquest and Politics from the First Gulf War to the Military Invasion, translated by Lely Zidan, Beirut: Dar al-Arabiya al-Ulum.
.٤Al-Anzi, Falah Marwan (1992) , International Borders between Iraq and Kuwait, Al-Amal Printing House , Baghdad.

**B. English**

1. Anderson, Liam Gareth Stansfield (2005), The Future of Iraq: Dictatorship, Democracy, or Division?, New York: Palgrave Macmillan.
2. Ghali, Boutros Boutros (1996), The United Nations Blue Books Series, Volume IX, Department of Public Information United Nations, New York.
3. Brown, Michael (1999) , The International Dimensions of Internal Conflict, Cambridge: MIT Press.
4. Weller, Marc (2010), Iraq and the Use of Force in International Law, Oxford: Oxford University Press, London.
5. Ishmael, Tareq Y. and Jacqueline S. Ismael (2015), Iraq in the Twenty-First Century Regime Change and the Making of a Failed State, First published, Routledge, New York.
6. Boutz, Gary M. and Kenneth H. Williams (2015), US Relations with Iraq From the Mandate to Operation Iraqi Freedom, air force History Museums program, Washington.

**Fourth, academic journals and research**

**A. Arabic**

.١Al-Zubaidi, Jassim Mohammed and Akhrun (2023) , Impacts of the Oil-to-Food Program on the Iraqi Economy, Journal of Political Studies, No. 45 , Baghdad.
.٢Abdullah, Badriya Saleh (2025 ,(Iraqi-Kuwaiti Border Caliphates and the Solution Problem: Iraqi Vision ,International Studies Journal, Baghdad University - Strategic Studies Center and International, No. (100) , Baghdad.
.٣Al-Asimi, Saleh (2012) , Iraqi-Kuwaiti Border Fears Committee: A Study in International Legislation, International Legal Journal, No. 12 , Cairo.
.٤Al-Anzi, Rashid Hamad (1992), Determination of the Juridical Boundaries between Kuwait and Iraq according to the Rules of International Law, Journal of Law, Faculty of Law ,Kuwait University, Volume (16), No. (3–4) , Kuwait.

. ٥Al-Aliyawi, Ali Jaber (2011) , International Sanctions Imposed on Iraq: A Study in Legal and Political Effects, Journal of Legal and Political Sciences, Baghdad University.

.٦Al-Kaabi, Haider (2022) , Fear of the Iraqi-Kuwaiti Maritime Border in the Light of Security Council Resolutions ,Journal of Legal Studies , Baghdad.

.٧Al-Marzouq, Bassem (2018) , International Positions towards the Iraqi-Kuwaiti Crisis, Scientific Journal of Political Studies , Switzerland.

.٨Al-Momen, Jaafar Khazal Jassim (2025) , International Politics and Iraqi Borders of Kuwait after General 1991, Journal of Historical Studies , Iraq.

**B / E n g l i z e Z Y**

1. Alhumza, Mohsen Abed, Wadad Abd al-Sada Faza and others (2025), The American Journal of Research in Humanities and Social Sciences, American Journals Publishing, Vol.(37), America.
2. Alnasrawi, Abbas (2001), Iraq: Economic Sanctions and Consequences, 1990-2000, Third World Quarterly, Vol. 22, No. 2, London.
3. Boutz, Jennifer and David Williams (2015), Humanitarian Crises and International Law: The Case of Iraq, International Review of the Red Cross, UK.
4. Featherstone, Mark (2021), Nutritional Impacts of the Oil-for-Food Program, Public Health Journal. Uk.
5. Kozal, Peggy (January 2000), Is the Continued Use of Sanctions as Implemented against Iraq a Violation of International Human Rights, Denver Journal of International Law & Policy, Vol.(28) Number.(4), USA.
6. Mendelson, MH and SC Hulton (1990), The Iraq-Kuwait Boundary: Legal Aspects, Belgian Review of International Law, Bruylant Editions, Brussels, No.(2), Brussels.

**Fifth: The newspaper**

9.The sun ,Al-Ansat al-Markazi, Central Information Office, No. (853), 21/2/1

10.Finnish Times, Al-Ansat Al-Markazi, Maktab Al-Alam Al-Markazi, No. 897, 22/4/1

11.BBC ,Al-Ansat Al-Markazi, Central Information Bureau, No. 898, 23/4/1

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

12.BBC ,Al-Ansat Al-Markazi, Central Information Bureau, No. (1116), 6/1/1

13.Voice of Order of Ka, Central Listening, Central Information Office, No١/١/٧ ,(١١١٧) .

14.Free Iraq Radio, Central Listening, Central Information Bureau, Issue ٢/١/٥ ,(١٤٥٨)

15.Voice of Germany , Central Listening, Central Information Office, Issue٢/٢/٢٢ ,(١٥٠٤)

16.BBC ,Central Listening, Central Information Bureau, Issue (1582), 19/5/2

**Sixth : The Internet**

Siegal, Mark (September 30, 1999), Forming UN Official Says Sanctions Against Iraq Amount to Genocide, Cornell Chronicle, accessed January 5, 2026, ( https://news.cornell.edu/stories/1999/09/forming-un-official-says-sanctions-against-iraq-amount-to-genocide).

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥